# موسافرێک لە رەنگی ئاو بێ رەنگتر

موسافیرێک لە رەنگی ئاو بێ رەنگتر کتێبێکی شیعری خاتوو شنۆ ئەحمەد غەفوور، بە ١٠٠ لاپەڕەو لە بەرگێکی جوان و رازاوەدا سەنتەری رۆنیا زنجیرە ١ی بڵاوکراوەکانی پێ بەخشیوەو لە ساڵی ٢٠٠٩دا لە کەرکووک چاپی کردووە.

شنۆ لەم کتێبە شیعرییەدا شیعر گەلێکی بە ناونیشانی لەدایک بوونی پاییزێک، ماچی لە لێوی عاشقەوە بۆ سینگی نیشتمان، هەرەسی رەنگەکان، ئاوازی شەونمەکان، حیکایەتی دڵۆپێک لە ئامێزی خونچەدا، پەپوولەکانی خاکی خۆڵەمێش، رەنگە گوڵ، کۆچی هێلانە شیعرێک، هەڵهاتن لە فۆبیای زەمەن، گەڕانەوەی نمەی خەندەکان، موسافیرێک لە رەنگی ئاو بێ رەنگتر، هەناسەیەک بۆ ژووانی سپێدە، رێبوارم، گوزەری بۆ خەیاڵترین عیشق، وشەکان باران نەیاننووسێتەوە، لە جێی ژوواندا، گوڵە سپییەکانی حەزارەت، دەگەڕێمەوە ناو دەنگەکان، تەنیای نێو وڵاتی پەشیمانی، تەمتومانی خۆزگەکانی عیشق لە خۆ دەگرێت و شاعیر شنۆ لەکۆپلە شیعرێکدا دەنووسێت:

کاتێک منداڵێکی بێ خەبەر بووم
ژیان و هیواو خەندە دەمنووسی
ئێستا بۆ حەقیقەتێکی تاڵ
لە نێو کاسە ژەهراوییەکانی
ئایدیا جۆراو جۆرەکان دەنووسم
بەڵکو بە سادەیی بیدۆزمەوە
بۆ تەنیایی
بۆ مەرگ..
بۆ عیشق.. شیعر دەنووسم
و خەرمان بەرەکەت.

بەرهەمی بیری نوێی ئافرەتان




شنۆ ئەحمەد غەفوور